کاریگەری موزیک لە سەر ئەفراندنی فەیلەسوفە یۆنانییەکاندا

میدیا سەلاح

موزیک لە سەردەمی ئەگریکی کۆندا رۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا بە تایبەت لە بۆنە نیشتمانییەکاندا، ئەوەتا مێژوو دەگێڕێتەوە کە هۆمیروس ئارەزوویەکی زۆری هەبووە لە سەر موزیک و خۆشی ئامێری قیسارەی ژەنیووە، بە تایبەت لە کاتی نووسینەوەی ئەلیازەو ئۆدیس دا، هەروەها فەیلەسوفە یۆنانیەکان لەوانەش ئەرەستۆو ئەفلاتون جەختیان لەوە کردۆتەوە کە موزیک رۆڵێکی کارای هەیە لە سەر بە پاک راگرتنی رەوشتی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکاندا، بۆیە زاناکان دەڵێن: فیتاگۆرس 580 -490دیارترین سیمای بایەخدانی موزیک بووە لە مێژووی موزیکدا ئەگەرچی خۆی لە خۆیدا موزیکیش نەبووە، بەڵام یەکەم موزیک کە لە مێژووی یۆناندا تۆمار کرابێت و بوبێتە یەکەم موزیک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا موزیکی (تیرباندۆس)ە لە سەدەی حەوتی پێش زایین دا، کە تێیدا گۆرانیەک بە ئامێرێک یان دوان دەگوترا..

دواتر لە سەردەمی زێڕینی شانۆی یۆناندا (-350 500)پ.ز، ئامرازەکانی موزیک ژەنین بوو بە ئامرازێکی گوزارشت لێ کردن لای دراماکارەکان و موزیک بە پانتاییەکی بەرفرەوان وەک (کاریگەری دەنگ) لە کارە داماکاریەکان و شانۆدا بەکار هێندراوە ، هەتا فەیلەسوفە یۆنانیە کۆنەکانی وەک ئەرەستۆو ئەسخیلۆس و یۆربیدس و سۆفۆکلیس هەمیشە هەوڵیان داوە ریتمە وشە بە شێوەی موزیک و میلۆدیکی موزیکی لە نووسینەکانیاندا بەرجەستە بکەن، بە تایبەت لە شانۆگەرییەکاندا، گرنگترین ئامرازە موزیکیەکانیش ئامرازی فو لێ کردن (فلوت، ترومبیت، کور) بوون، وێڕای هەندێ ئامێری ژێداری وەک قیسارەو هارب .

دوای سەرهەڵدانی مەسیحیەت لە یۆنان، موزیکی یۆنانی ئاوێتەی موزیکو تەقسە ئاینییەکانی کەنیسەی بێزەنتی بوو، کاتێکیش کە شارستانیەتی هیلینی یۆنانی گەیشتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو کاتە موزیکی یۆنانی لای زۆر لە وڵاتانی وەک میسرو سوریاو ئیراق وفەلەستین و ئێران ناسراو بوو، کە ئامێزیان بۆ ئەو شارستانیەتەی کەنیسای بێزەنتی کردەوە، بەم شێوەیە موزیکی شارستانیەتی کۆنی یۆنانیلە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا تەشەنەی کرد .. شوێنەواری ئەو موزیکەش بۆ ماوەی هەزار ساڵ لەو ناوچەیەدا خۆی سەپاند ..

توێژەرەکان پێیان وایە کە موزیکی فۆلکلۆری یۆنانی لە ئاوێتە بوونی موزیکی بەلقانی (تورکی، سلۆڤینی، بولگاریە) پێک هاتووە، ئەم جۆرە موزیکە بە شێوەیەکی سروشتی نەشو نومای کردووە، بێ ئەوەی ئەوەندە پەیوەست بوونی بە هونەری کۆنی یۆنانییەوە بمینێتەوە، لەو موزیکانەی کاتی خۆی شانۆکارە یۆنانیەکان لە بەرهەمەکانی خۆیاندا بەکاریان دەهێناوە، بۆیە موزیکی تەقلیدی تا سەدەی بیستەم سەری هەڵنەدایەوە، تا هاتنە پێشەوەی کۆمەڵە ئاواز دانەرێکی نوێ ی یۆنانی نەبێت کە هەوڵی ئەوەیان دەدا، خۆیان بگەیننە ئاستی موزیکی تەقلیدی رۆژئاوایی، کە دەست پێشخەری یەکەمیان مانولیس کالیومیس بوو کە قوتابیەکی دەرچووی موزیک بوو لە ڤیەننا کاتێ گەڕایەوە یۆنان هەوڵی ئەوەی دا تیپێکی موزیکی نیشتمانی یۆنانی لە سەر ریتمی ئەوروپی دابمەزرێنێ، لەسەرەتاشدا سێ سیمفۆنیای موزیکی دانا و هەوڵی ئەوەی دا موزیکی فۆلکلۆری یۆنانی تێکەڵاوی موزیکی رۆژئاوایی بکات زۆر لە موزیک ژەنەکانی ئەو کاتە لەوانەش موزیک ژەنی دەرچووی ئەکادیمیای موزیکی فرەنسی میکس تیۆدۆراکس زۆر کاریگەر بوون بەو ستایلە موزیکیە یۆنانیە نوێیە، کە بوو بە یەکێک لە ناودارترین موزیک ژەنە ئەوروپیەکان، نەک هەر لە بەر ئەوەی کە ئەو موزیک ژەنە داهێنەری موزیکی جیهانیی زۆربا ژ بوو، بەڵکو بەهۆی ئەو هەڵویستە سیاسیە مرۆییەی کە هەمیشە بەرگری لە مرۆڤی چەوساوە و گەلانی ئازادیخواز دەکرد .. ئەوەتا لە شەستەکاندا زۆر بوێرانە دژی سیاسەتی دکتاتۆرانەو عەسکەرتارانەی یۆنان وەستا ، لەو پێناوەشدا ئەو موزیک ژەنە خاوەن هەڵوێستە ئازار دراو زیندانی کرا ..

لە حەفتاکانیش هەڵویستی خۆی بەرامبەر بە کودەتا سەربازیەکەی شیلی نیشاندا، دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی ساڵی 2002 لە لایەن ئیسرائیل و ئەمریکا سەرکۆنە کرا، بۆیە جگە لەو هەڵویستە مرۆییانەی سیمفۆنیاکانی ئەو موزیک ژەنە وەک بڵاو ترین موزیکەکانی نیو سەدەی رابووردوو لە جیهاندا هەژمار کرا .

موزیکی ئەگریکی لە شارستانیەتی کۆن و نوێ دا لەو هونەرە رەسەنە مرۆییانەیە کە سەرچاوەکانی بوونەتە هەوێن و کاریگەریی خۆیان لە سەر شانۆو کەنیساو لە سەر بۆنە ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانیەکانییەکانی ئەو وڵاتەدا بە جێ هێشتووە، لە داوێنی ئەو موزیکە رەسەنەدا، داهێنانی نوێ لە لایەن نەوەکانی دوای ئەو شارستانیەتە کۆنە رەخساوە کە توانییویانە شارستانیەتی خۆیان بە وڵاتانی جیهاندا بڵاو بکەنەوە، بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئەوروپا، بە هەمان شێوەش هەر تەنها یۆنانیەکان سوودمەند نەبوونە لە موزیکی یۆنانی کۆن، بەڵکو زۆر لە کۆمەڵگا نێو نەتەوەییەکان توانیوویانە موزیکی یۆنانی ئاوێزانی موزیکی خۆیان بکەن و بەو ئاویتە بوونە جۆریک لە بە زیندوو راگرتن و ئاویتە بوون لە نیوان شارستانیەکان دروست بکەن.. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەنەوەی نوێ توانیوویانە بە شێوازێکی ئەکادیمی و زانستی هەڵسووکەوت لە گەڵ فۆلکلۆری خۆیاندا بکەن ئەو نەوە موزیک ژەنانەی وڵاتی یۆنان لە چەندین وڵاتی جیهاندا بە تایبەت لە فەرەنساو ڤیەننا و بریتانیا موزیکیان خوێندوە و ئەو زانستەی پەیدایان کردووە بۆ ئەوەی بۆ خزمەتی کەلەپوورو کولتووری گەلەکەیان بەرجەستەی بکەن.. لەم بوارەشدا گەلێک سیمفۆنیاو ئۆرکسترای گەورە لەو هونەرە مەزنەی یۆنان دابێنن کە ببێتە مایەی سەر سورمانی گەلانی جیهان.

فەخری رازی پێشەوای گومانکەرەکان

ئا: ئەحمەد حاجی مەولود

فەخری رازی، دانا، فەیلەسوف، فەقیە، پزیشک، بیرکار و ئەستێرەناس.

ئەبولفەزل محەمەد کوڕی عومەر ساڵی 543لە شاری ڕێی لە دایک بووە. ناوبانگی فەخری رازیە و بە پێشەوای گومانکەرەکان و کوڕی وتاربێژەکان ناوی دەرکردووە. زیائەدینی باوکی لە مامۆستایانی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بوو، بۆیە فێرکردنەکانی باوکە زاناکەی لە دروستکردنی ئەندێشەکانی زانستی فەخری رازی رۆڵێکی فراوانی هەبوو، کە لای ئەو، زانست و تەفسیری قورئانی کەریم فێر بوو. بەڵام ئەو پێویستی بە مامۆستایەک بوو، کە لە ژێر چاودێری ئەو، باش فەلسەفە فێر بێت و ئەویش کەسێک نەبوو جگە لە مەجدەدینی جیلی، کە دوایی بووە مامۆستای سۆهرەوەردی.

دوای تەواوکردنی دەرس، فەخری رازی بۆ کۆکردنەوەی زانستی زیاتر چووە خوراسان و لەوێ کتێب و نووسراوەکانی ئەبوعەلی سینای بە وردی خوێندەوە. دواتر چووە ماوەرائەننەهر و لە لایەن غیاسەدین و برایەکەی (شەهابەدین) ڕێزی زۆری لێگیرا. ئەمە بووە دەرفەتێک تا فەخری رازی کەڵک لە سەرچاوە و کتێبەکانی کتێبخانەی پاشا وەربگرێت و زانستی خۆی بۆ قوتابیانی بگوازێتەوە.

بەڵام ئەم دەرفەتە مەزنە زۆری نەخایاند، لەبەرئەوەی فەخری رازی بەهۆی رەخنەکانی لە ئایینزای کرامیە لە بواری بە جەستەکردن و وێکچواندن کەوتە بەر تووڕەیی، هەروەکو ویستیان بیکوژن. ئەو باوەڕی پتەوی هەبوو، بیروڕای خۆی بێ ترس دەردەبڕی، هەروەکو هەوڵی دەدا وشیاری خەڵک لەبارەی فەلسەفە و زانستەکانی دیکەوە بەرز بکاتەوە، بەڵام کەش و هەوایەکە باش نەبوو. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو بچێتە غەزنە و دوایی چووە هەرات. لە هەرات بەهۆی پشتگیری عەلائەدین خوارەزمشا، بە ئارامی و ڕیزەوە نیشتەجێ بوو، ئەو تا کۆتایی تەمەن لەم شارە مایەوە. فەخری رازی لە ساڵی 606و لەوپەڕی ناوبانیگەوە لە تەمەنی 63 ساڵی کۆچی دوایی کرد.

بەرهەم و نووسراوەکانی

فەخری رازی، کتێب و نامیلکە و بەرهەمی بە بەهای لە دوای خۆی جێهێشتووە، کە بابەت و بواری جۆراوجۆریان گرتۆتە خۆ. لەبەر ئەوەی کە میشکێکی رەخنەگر و شیکەرەوەی هەبوو، توانایەکی سەیری لە دروستکردنی گومان لە بەرهەمەکانی فەیلەسوفە گەورەکاندا هەبوو، بۆیە ناوبانگی بە پێشەوای گومانکەران دەرکردووە.

هەندێک لە کتێبەکانی ئەو کە لە دروستکردنی گومان لەسەر بەرهەم و نووسراوەکانی فەیلەسوفان نووسراوەتەوە، بە شێوەیەکی رەخنەگرانە، بۆچوونی فەیلەسوفانی باس کردووە. فەخری رازی بە یەکێک لە وشیاترین و رەخنەگرانی فەیلەسوفانی ئیسلامی دادەندرێت، نەک تەنیا بیروڕای فەیلەسوفانی ئیسلامی، بگرە فەیلەسوفانی یۆنانیشی هەڵسەنگاندووە.

لە رەخنەی فەلسەفەی ئیسلامی، فەخری رازی هەوڵی خۆی بۆ دژایەتی کردنی فەلسەفە بە قازانجی کەلام تەرخان کردووە. نامیلکە گرنگەکانی ئەو لە بواری دژایەتی لەگەڵ فەلسەفە بریتین لە: "شرح الاشارات، شرح عیون الحکمە"، المباحپ المشرقیه". تەواوی ئەم کتێبانە رەخنە و هەڵسەنگاندنن لەسەر فەلسەفە. رۆڵی گرنگی فەخری رازی لە بەهێزکردنی کەلامی ئەشعەریە، بە بەدیهێنانی بەرهەمی گرنگ وەکو "الاربعین فی اصول الدین، لوامع البینات و المحصل" کە لە کتێبەکانی وانە وتنەوە دادەندرێن. هەروەها کتێبی "المطالب العالیه" لە زانستی کەلام لە نامیلکە گرنگەکانی فەخری رازیینە.

ناوبانگی دیکەی فەخری رازی لە پزیشکییە، کتێب و نامیلکەی زۆری لە تەندروستی لێ بەجێماوە. ئەو ئانسکلۆپیدیایەکی پزیشکی بەناوی "الجامع ا لکبیر" یان "الطب الکبیر" نووسیوە، بەڵام بەداخەوە ئەم ئانسکلۆپیدیایە ناتەواو ماوەتەوە، بەڵام بەرهەمێکی گرنگە. گرنگترین بەرهەمی فەخری رازی، کتێبێکە لە شیکردنەوەی "قانون ابن سینا" کە زۆربەی نووسراوەکانی ئەو کتێبەی هەڵسەنگاندووە. فەخری رازی کتێب و نامیلکەی زۆری لە بواری زانستە جۆراوجۆرەکان نووسیوە، یەکێک لەوان ئانسکلۆپیدیای "جامع العلوم، السر المکتوم" کە لە ئەستێرە ناسییە.



سەرەڕای کتێب و نامیلکەکانی فەلسەفی و پزیشکی، فەخری رازی لە بواری تەفسیری قورئان، بەرهەمگەلی زۆری لە دوای خۆی جێهێشتووە، کە بێهاوتان. لەبەر ئەوەی ئەو لە منداڵیەوە خەریکی قورئان خوێندن بووە و تەفسیری قورئانی لای باوکی فێر بووە، لە پیریدا وەها لەگەڵ قورئان خووی گرتبوو، کە دەڵێ: من هەموو شێوەکانی زانستی کەلام و هەموو رێچکەکانی فەلسەفەم تاقیکردەوە، بەڵام لە هیچ کام لەوانە، ئەو قازانجەی لە خوێندنەوەی قورئانم دەبرد، نەدەدۆزیەوە. "مفاتیح الغیب" یان "تفسیر کبیر"ی فەخری رازی لە گرنگترین تەفسیرەکانی کەلامی ئەشعەرییە، کە تا ئێستا نووسراوەتەوە، تێیدا سەرەڕای بەڵگە کەلامییەکان، زۆربەی بابەتی زانستی، جوگرافیایی و مێژوویی بەڵگەدار بۆ تەفسیری قورئان بەکارهێناوە، بە شێوەیەک، کە کەسانێک وەکو "ابن الخویی" و "سیوتی" لەسەر شێوازی ئەو دا رۆیشتوون و ئەو شێوازەیان پتەو کردووە.

گرنگترین بەرهەمی رازی لە زانستی ئوسولی فیقهـ ، کتێبی "المعالم فی اصول الدین والفقهـ"ە. بە شێوەی گشتی بەرهەم و کتێبەکانی فەخری رازی بەردەوام لە سەرچاوە گرنگەکانی زانستی ئیسلامییە، کە سەرچاوە و سەرمەشقی زۆربەی کتێبەکانی دیکەیە.

بیر و بۆچوون

فەخری رازی یەکێک لەو کەسانەیە، کە شارەزای زۆری زانستەکانی سەردەمی خۆی بووە، کتێب و بەرهەمەکانی، کە لە بواری جۆراوجۆر نووسیوە، نیشان دەدات، تا چ رادەیەک زانستی ئەو زۆر و جۆراوجۆر بووە. نامیلکە و نووسراوەکانی ئەو کە لە بواری جۆراوجۆر بەوپەڕی توانایەوە نووسیویە، نیشان دەدات کە لە زانستەکانی کەلام، فەلسەفە، تەفسیر، بیرکاری، پزیشکی و ئەستێرەناسی شارەزا بووە. ئەو کەسێک بوو، کە کۆکەرەوەی زانستەکان لە هەموو بوارێک بووە و مێشکێکی چالاک، شیکەرەوە و رەخنەگری هەبووە و شارەزای بیروبۆچوونی فەیلەسوفانی هەبوو، سەرەڕای دژایەتی کردن لەگەڵ زۆربەی بیروبۆچوونی فەیلەسوفەکان، لە شێوەی هەڵسەنگاندنی ئەوان و هەندێک لە بیروڕای ئەوان بۆ جێگیرکردنی بنەماکانی زانستی کەلام بەکاری دەهێنا و بووە هۆی ئەوەی کە کەلام لە جیاتی بەرگری کردن و مشت و مڕکردن، ببێتە زانستێکی سەربەخۆ.

بۆیە ئەویان بە هۆکاری کاریگەر لە دروستکردنی کەلامی فەلسەفەی داناوە. لە فەلسەفەدا زیاتر ئەو هەڵسەنگێنەری فەلسەفییە تا فەیلەسوف بێت، بەرادەیەک، لەگەڵ زۆربەی باسەکانی فەلسەفەی یۆنان دژایەتی دەکرد. بیروبۆچوون و روانگەی ئەو لە بواری فەلسەفەی یۆنان، کە توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کردبوو، بووە هۆی سەرسامی زۆربەی فەیلەسوفانی هاوچەرخی ئەو، کە ساکارانە لاسایی فەلسەفەیان دەکردەوە. زۆربەی هزرمەندان و زانایانی فەلسەفەی سەردەم، گوتویانە کە شیکردنەوەی ئەو لەسەر "الاشارات"ی ئەبوعەلی سینا، لە دەرەوەی هاوسەنگی و رەخنە و توێژینەوەی زانایانەیە. هەروەکو بە پێی قسەی خواجە نەسیر لە سەرەتای شیکردنەوەی خۆی لەسەر "الاشارات" ئاماژەی کردووە، هەوڵی فەخری رازی جۆریک بریندارکردنە تا شیکردنەوە.

بەڵام ئەو لە دژایەتی لەگەڵ فەلسەفە هیچ کات لە رێگەی بەڵگە هێناوە دەرنەچووە و هیچکات فسق و کافر بوونی بەکارنەهێناوە. دکتۆر شەریف لە کتێبی مێژووی فەلسەفە لە ئیسلامدا، لەم بارەیەوە دەڵێ: "فەخری رازی کە لە ژێر کاریگەری غەزالی دابوو، فەلسەفەی تا ئەو رادەیە خوێند، کە بووە یەکێک لە مامۆستایانی فەلسەفە".

بە پێچەوانەی موتەکەلیمان، کە فەلسەفەی یۆنانی یان مەشائیان راسەوخۆ رەد دەکردەوە، ئیمام فەخری رازی زۆربەی باسە فەلسەفییەکانی یۆنانی دابووە بەر رەخنە، لە کاتیکدا هەندێک لەوانی قبوڵ کردبوو. لە پێشەکی "المباحپ المشرقیـه" کە گرنگترین کتێبی فەلسەفی ئەوە، دەنووسێ: "هەڤاڵانی ئێمە دوو دەستەن، دەستەیەک، کەسانێکن کە لاسایی لە فەیلەسوفانی یۆنانی دەکەنەوە و هیچ کەس بە شیاو دانانێن، کە ئەندێشەی ئەوان بخەنە بەر باس و شانازی بە خۆوە دەکەن، کە توانایی ئەوەیان هەیە، کە لە قسەکانی ئەوان تێگەیشتوون. دەستەی دیکە، ئەو کەسانە لە خۆ دەگرن، کە هەموو ئەندێشەی ئەوان راستەوخۆ و بێ کەم و کوڕی رەت دەکەنەوە. هەر دوو لەم دوو دەستەیە هەڵە دەکەن، ئێمە نووسراوەکانی فەیلەسوفانمان بە قووڵی خوێندووە و ئەوەی دروستە وەرمان گرتووە و ئەوەی نادروستە رەتمان کردۆتەوە. ئێمە چەند بنەمایەکمان لەسەر ئەم فەلسەفەیە داناوە و ئەندێشەیەکی نوێمان بەرهەمهێناوە. وردبوونەوە لە وتەکانی ئیمام فەخری رازی بۆمان دەردەخات، کە لەسەردەمی ئەو، تاقمێک بەهۆی دژایەتی و دەستەیەکیش بە لاساییکردنەوە، روویان لە فەلسەفە کردووە، لە کاتێکدا کە ئەو بە رەخنە و لێکۆڵینەوە لە باسی فەلسەفی هەندێکیان وەرگرتووە و هەندێکیان رەت کردۆتەوە.

بەم شێوەیە فەخری رازی بە بلیمەت و وردبینی تایبەتی خۆی هەڵسا بە هەڵسەنگاندنی فەلسەفە و لە زۆربەی باسە فەلسەفیەکان نوێکاری کردووە، بۆ نموونە لە بواری بوونی زێنی، رەخنەی بە بەڵگەی لە بۆچوونی دانایان گرتووە و بۆچوونی ئەوان رەد دەکاتەوە، هەروەها زانست بێجگە لە جۆریکی زیادە بە شتێک دانانێت، ئەو رێسای "الواحد" (الواحد لا یصدر عنه الا واحد) قبوڵ ناکات و دەرچوونی زۆرینە لە تاک قبولاً دەکات. لەبارەی واتای چاکە و خراپە، دیتنی خوا، بۆچوونی خۆی هەیە، کە جێگای هەڵسەنگاندن و